## قوتابێتی - 2

## وانەی حەوتەم

نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ

### خودا لە لایەنی ڕەوشتەوە تەواو و بێ کەم و کوڕە

ستایش و پەرستن

**بیرۆکەی سەرەکی:** خودا لە لایەنی ڕەوشتەوە تەواو و بێ کەم و کوڕە.

**بخوێنە:** (وتەکان10: 17-18) (وتەکان16: 18-19).

1 خودا جیاوازی ناکات.

خودا لایەنگری دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتەکان نابێت. هەروەها لایەنگری هەژارانیش نابێت (لێڤییەکان19: 15). خودا جیاوازی ناکات لە نێوان گەلان و ڕەگەزەکان، بەڵکو پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ سەرجەم گەل و ڕۆشنبیر و چینەکانی کۆمەڵگا (کردار10: 28، 34-35).

2 خودا بەرتیل ناخوات

لە (زەبووری115) هۆشدارییەك دەخوێنینەوە کە دەڵێت ئەو کەسانەی کە بت و خوداوەندە دەستکردەکان دەپەرستن لە کۆتاییدا دەبنە هاوشێوەی خوداوەندە ساختەکەیان. بتەکانیان گەنیون چونکە خۆشەویستی بەرتیل قبوڵ دەکەن و جیاوازی لە نێوان خەڵکیدا دەکەن. بتپەرستەکانیش و ئەو کەسانەی کە خوداوەندەکانیان بەدەستی خۆیان دروست دەکەن ئەوانیش گەنیو دەبن چونکە بەرتیل لە خەڵکی وەردەگرن. بەڵام خوداوەندە ڕاستەقینە زیندووەکەمان هەرگیز بەرتیل قبوڵ ناکات! هیچ کەسێك ناتوانێت لە ڕێگای پێشکەشکردنی هەندێك پارە بە کڵێسایەك یان ئەنجامدانی هەندێك ڕێورەسمی ئاینی ڕەزامەندی خودا دەستەبەر بکات. هیچ کەسیش ناتوانێت خودای زیندوو بەلای خۆیەوە ڕابکێشێت لە ڕێگای ئەنجامدانی هەندێك کاری چاکە، یان بە هەر شێوازێکیتر کە لەگەڵ سروشتی خودا گونجاو نەبێت. بەئاسانییەکی زۆر، خودای زیندوومان بەرتیل وەرناگرێت! بۆیە، مرۆڤ ناتوانێت یاری لەگەڵ خودای زیندوو بکات! خودای زیندوو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەبەستێت نەك بەپێی مەرجەکانی ئەوان، بەڵکو بەپێی مەرجەکانی خۆی!

3 خودا بەرگری لە هەژاران دەکات

زۆر کەس لە جیهاندا باوەڕیان بەو بنەمایە هەیە کە دەڵێت (مانەوە بۆ چاکتر) یان (کەسی بەهێز هەمیشە لەسەر ڕاستییە) یان (تەنها من، با جیهان بفەوتێ)! بۆیە ئەوانە هەتیو و بێوەژن و کچی پاکیزە و بێگانە و بەتەمەنەکان دەچەوسێننەوە. بەداخێکی گرانیشەوە بازرگانی بە منداڵان و کۆیلەکردنی منداڵان لە زیادبوونێکی بەردەوامدایە لە جیهاندا. دەوڵەمەندەکان ڕۆژانە زیاتر دەوڵەمەند دەبن لەسەر شانی هەژاران کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارییان زیاتر دەبێتەوە. ڕۆژانە لە جیهاندا (24000) کەس بەهۆی برسێتی و خراپی خۆراکدەمەنییەوە دەمرن! هەروەها ساڵانە زیاتر لە شەش ملیۆن منداڵ لە جیهاندا بەهۆی خراپی خۆراکدەمەنییەوە دەمرن! هەرەها، بێوەژنان و بەتەمەنەکان بەبەردەوام فەرامۆش دەکرێن و بێگانە و کەمینەکانیش بەبەردەوام تووشی چەوسانەوە دێن. بەڵام بەپێچەوانەی هەموو ئەم ڕەفتارە ناڕەوشتییانە کە لەناو سەرجەم گەلانی جیهاندا باوە، خودای زیندوو بەرگری لە هەژاران دەکات هەروەها بەپێچەوانەی دەوڵەمەند و ستەمکاران، خودای زیندوو لە نێو هەژار و چەوسێنەران کار دەکات. هەر کەسێکی هەتیو لە زەوی، باوکێکی لە ئاسمان هەیە بەزەیی بۆ هەبێت. هەر بێوەژنێکیش لە زەوی خوداوەندێکی لە ئاسمان هەیە بیپارێزێت. هەر بێگانەیەکیش لە زەوی خوداوەندێکی لە ئاسمان هەیە بەرگری لێبکات. هەر کەسێکیش ژیانێکی تەنیایی سەخت بە بێ هاوڕێ بگوزەرێنێت، هاوڕێیەکی لە ئاسماندا هەیە. هەر کەسێکیش پێویستی بە .

دڵسۆزی هەبێت، خوداوەندێك لە ئاسمان دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی و سۆزی پێ ببەخشێت (هۆشەع11: 1-4). خودای زیندوو بایەخ بە خەڵکی دەدات — بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پێداویستییە سەرەکییەکانیانەوە هەبێت (خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و جێنشین). هەروەها خودا لە هەموو شوێنێکی جیهان باوەڕداران بەکار دەهێنێت تاوەکو ببن بە پێیەکان لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ لای چەوسێنەران، هەروەها تاوەکو ببنە دەستەکان لەڕێگای پارمەتیداني هەژاران و کەم دەرامەتەکان، ببنە دەم لە ڕێگای بەرزکردنەوەی وورەی نائومێدان بە ووشەی دڵدانەوە و هاندان. کاتێك کە ڕۆژی کۆتایی دێت، خودا هەموو دڕندەکانی سەر زەوی سزا دەدات.

**4** خودا خاوەنی دابونەریتی بێ پایانە.

بخوێنەوە: (زەبووری34: 15-16) (ئیشایا5: 8، 11-12، 20-23).

خودا سیستەمێکی ڕەوشتی و ڕوحی بۆ دابونەریت هەیە. هەروەها جیایە لە هەموو شتێکی هەڵە و هەموو شتێکی خراپ و هەموو شتێکی زۆردار و هەموو شتێکی گلاو. هەروەها بەئەندازەی جیایی لەم شتانە، خودا بەتەواوەتی لکێندراوە بە هەموو ڕاستییەکەوە، بە هەموو شتێکی یەکسانەوە، هەموو شتێکی پیرۆزیش. ئەو شتەی کە تایبەتمەندی دەداتە سیستمی نەریتی خوداوەندیی ئەوەیە کە ڕێژەیی نییە و لەسەر بارودۆخ نەوەستاوە و لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤ لە تەمەندا نەوەستاوە. ئەو نەریتە ڕەوشتی و ڕوحییانەی کە خودا دایناون نەریتێکی تەواون! بۆیە ووشەکانی خودا لە کتێبی پیرۆز ئەوە دەگەیەنێت کە دەیلێت! خودا دەیەوێ هەموو خەڵك بیناسن و لە ویستەکانی تێبگەن. خودا ئەم سیستەمەی نەریتەی لە ڕێگای فەرمان و قەدەغەکانیوە ڕاگەیاند. فەرمان و قەدەغەکانی خودا وەکو خۆی دەمێنێتەوە لە هەموو ڕۆشنبیرێك و هەموو شارستانییەك و بە درێژایی مێژوو. بۆیە، سیستەمی نەریتەکان کە خودا دایناوە بنەمایەکی چەسپاو و پێوەرێکی جێگیرە بۆ هەر شتێکی ڕاست و دروست لە هەموو سەردەمێك. هەر کەسێکیش دەستدرێژی بکاتە سەر ئەم نەریتانە، کە خودا دایناون —لە ڕێگای فەرمان و قەدەغەکانی— ئاشتی لە ژیانی ئێستادا تاقی ناکاتەوە، لە ڕۆژی کۆتایی سزا دەدرێت. خودا چاودێری بێبەرییەکان دەکات و دژی خراپەکاران دەوەستێت (زەبووری34: 15-16). بۆیە، هەرکەسێك ملکەچی سیستمی نەریتەکان بێت کە خودا دایناوە لە ڕێگای گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەوانەی قەدەغەی کردوون، ویژدانی چاك دەبێت، ئاشتی لەگەڵ خودا تاقی دەکاتەوە و بە دڵنیاییەوە ژیانی دەگوزەرێنێت. باوەڕدارە ڕاستەقینەکان دەزانن تێڕوانینی خودا بۆ ئەوان چییە، دەشزانن کە دیەوێ کام ڕێگا پەیڕەو بکەن لەم جیهانە.

## ستایش و پەرستن

خودا بپەرستن بەو خسڵەتەی کە لە لایەنی ڕەوشتەوە تەواو و بێ کەم و کوڕە! خودا بپەرستن لە گرووپی بچووکدا هەر یەکەو لە سێ کەس پێکبێت.

## بەشداریکردن

**کرداری نێردراوان**

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەڕاوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو برگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (کردار15: 1 - 18: 17) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

فێرکردن

## خوداوەندی: پێشەنگی سەرەکیەکان priorty مەسیحي

### ئـ ) پێشەنگییەکان

1 پێشەنگی چییە؟

پێشەنگی ئەو بایەخدانەیە یان لایەنە کە پێش بایەخ و لایەنەکانی تری ژیان دێت لەڕووی کات و ڕێکخستن و گرنگییەوە.

2 ئایا لیستێکی دیاریکراو بە پێشەنگییەکان هەیە؟

زۆر لە باوەڕداران وا دەزانن کە لیستێکی جێگیر و دیاریکراو هەیە لە پێشەنگییەکانی ژیانی مەسیحی، بەڵام ڕێکناکەون لەسەر ڕێکخستنی ئەم پێشەنگییانە. هەندێك لە باوەڕداران پێیان وایە کە پێشەنگییەکان بەم شێوەیە: ئـ) خودا. ب) خێزان. پ) خزمەت. ت) کار. ج) گەشەکردنی تایبەتی. بەم شێوەیە، ئەم کەسانە خێزانەکانیان دەخەنە پێش خزمەتکردنی خودا لە جیهاندا. توێژێکی تری باوەڕداران هەیە کە پێیان وایە کە پێشەنگییەکان بەم شێوەیە: ئـ) خودا. ب) خزمەت. پ) کار. ت) خێزان. ج) گەشەکردنی تایبەتی. بەم شێوەیە، ئەمانە خزمەتی خودا لە جیهاندا دەخەنە سەرووی هەموو چالاکییەکانی تروە.

3 خودا خۆی تاقە پێشەنگییە؟

زۆر جار باوەڕداران پێیان سەختە ئەو لایەنانە جیا بکەنەوە کە پێگەی یەکەمی ژیانیان بێت. بەڵام کتێبی پیرۆز بەڕوونی باسی لایەنە گرنگەکانی ژیان دەکات. هەروەها کتێبی پیرۆز ئەوەمان فێر دەکات کە خودا پێشەنگی یەکەمە، خۆی بڕیار دەدات کام لایەن پێویستە پێشەنگی دووەم داگیر بکات لە کاتێکی دیاریکراوی ژیانت. لە هەندێك بارودۆخدا، ڕەنگە خودا بڕیار بدات خێزانەکەت لە خزمەتەکەت گرنگتر بێت، لە بارودۆخێکی تریشدا، ڕەنگە خودا بڕیار بدات خزمەت لە خێزانەکەت گرنگتر بێت.

4 لایەنەکانی تری ژیانیش گرنگن.

پێویستە باوەڕداران پابەند بن بە تەرخانکردنی کاتێکی پێویست و گرنگیدانێکی پێویست بۆ هەر لایەنێك لە پێنج لایەنە گرنگەکانی ژیان.

### ب ) گرنگترین پێنج لایەنی ژیان

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:**

1. گرنگترین لایەنەکانی ژیان چییە؟ خودا چی فێر دەکات؟
2. ئەم لایەنانە چۆن پێکەوە دەبەسترێنەوە؟ خودا چی فێر دەکات؟

1 پەیوەندیت لەگەڵ کارەکەتەوە

**ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە:** پلەی گرنگی کارەکەت (پیشەکەت) چەندە؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:**

✓ (2تسالۆنیکی3: 10) پێویستە کار بکەیت تاوەکو توانای بەخێوکردنی هاوسەرەکەت و منداڵەکانت و خۆت هەبێت.

✓ (1تیمۆساوس6: 8) بەڵام ڕازی بە کاتێك پێداویستییە گرنگەکانی ژیان دەستەبەر دەکەیت (خواردن و پۆشاك).

**ب) بدۆزە و گفتوگۆبکە:** خودا سنوور بۆ کار دەکێشێت.

بەڵام پێویستە چی ببێتە پێشەنگ لە کارەکەتدا؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:** خودا نایەوێت هەموو کات و توانات لە کار و پیشەکەتدا بەسەر بەریت. لایەنیتر لە ژیاندا هەیە گرنگن و پێویستی بە بەشێك لە کات و توانات هەیە! لەگەڵ ئەوەیشدا خودا دەیەوێ پێشەنگی تەواو لە کارەکەتدا بدەیتە ئەم شتانە:

1. ڕازیبوونت دەربارەی سنوور لە کارەکەتدا.

✓ (مەرقۆس8: 36). خۆت مەدۆڕێنە لە ڕێگای بەسەربردنی ژیانت بەکارکردن!

✓ (پەندەکان23: 4-5). خۆت ماندوو مەکە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بیت. دانا بە لە دانانی سنووری باوەڕپێکراو بۆ ئەو کاتەی لە کارکردندا بەسەری دەبەیت و ئەو توانایەی خەرجی دەکەیت. هەندێك کات و توانا بۆ لایەنە گرنگەکانی تری ژیانت بپارێزە. بەم شێوەیە، لە لایەنە گرنگەکانی تری ژیانت نادۆڕێی.

2. پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ خوداوە لە کارکردندا.

(لۆقا10: 38-42).کاتێك تەرخان بکە بۆ ژیانی هاوبەشیی تایبەتیت لەگەڵ عیسای مەسیحدا پێش دەستبەکاربوونت لە کارەکەتدا.

✓ (دەرچوون23: 12) (لێڤییەکان23: 3) (مەرقۆس3: 4). بەڵای کەمەوە هەفتانە ڕۆژێك مۆڵەت وەرگرە تاوەکو پشوویەك بدەیت و هەندێك هەناسە بکێشیت، لەگەڵ باوەڕدارانیتردا ستایشی خودا بکەن و پێکەوە کاری چاکە ئەنجام بدەن کە خودا بۆتانی ئامادە کردوە.

✓ (زەبووری127: 1-2). پشت بە خودا ببەستە تاکو دانایی، هێز، کاریگەریی، بەروبوومت پێببەخشێت لە کارەکەتدا.

✓ (کردار5: 29). گەورەترین دڵسۆزی لە کارەکەتدا پێشکەش بە خودا بکە تەنانەت ئەگەر کارەکە پێویستی بە ڕەتکردنەوەی هەر ئەرکێکی خراپ هەبێت کە بەڕێوەبەرەکەت داوای بکات.

3. خزمەتکردنی خودا لە چوارچێوەی کارەکەت.

✓ (کۆلۆسی3: 22 - 4: 1). هەموو خزمەتێك یان ئەرکێکی چاکە لە کارەکەتدا ئەنجام بدە وەکو ئەوەی کە بۆ خودا ئەنجامی بدەیت، ڕێزیش لە پەیوەندییەکانت لەگەڵ بەرپرسانت لەسەر کاردا بگرە.

✓ (1تیمۆساوس3: 7) بە لێهاتوویی لەسەر کار ئەرکەکەت جێبەجێ بکە و ناوبانگێکی باش دەستەبەر بکە لەنێوان ئەو کەسانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکەیت.

✓ (مەتا6: 31-33). هەوڵ و کۆشش بدە بۆ بڵاوکردنەوەی شانشینی خودا و ڕاستودروستییەکەی لە ڕێگای کارەکەتدا.

## 2 پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانت

**ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە:** ئاستی گرنگی خێزانەکەت چەندە (ژن / پیاو و منداڵان)؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:**

✓ (کۆلۆسی3: 18-21) (ئەفەسۆس5: 22 – 6: 4) گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی خودا بکە سەبارەت بە خێزان.

**ب) بدۆزە و گفتوگۆبکە:** خودا سنوورێکی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان کێشاوە.

بەڵام سەرباری ئەوەش، ئەو شتانە چییە کە پێویستە پێشەنگی یەکەمیان بدەیتێ لە سنووری خێزانەکەتدا؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:** خودا نایەوێت هەموو کات و توانات تەنها بۆ پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزانت ببەیتە سەر. لایەنی گرنگی تریش لە ژیاندا هەیە کە پێویستییان بە بەشێك لە کات و توانات هەیە! بەڵام سەرباری ئەوەیش خودا دەیەوێ پێشەنگییەکی تەواو بدەیت بەم کارانە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا:

1. خزمەت کردنت یان ئەرکە تایبەتەکانت لە پێناوی عیسای مەسیح لە چوارچێوەی خێزانەکەتدا.

✓ (وتەکان6: 5-7). کتێبی پیرۆز بخوێنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەتدا، پابەندی جێبەجێکردنی ئەو ڕاستییانەش بن کە فێری دەبن.

✓ (ئەفەسۆس5: 22-23). گەشە بدە بە پەیوەندیت لەگەڵ هاوسەری ژیانت و وا لەم پەیوەندییە بکە ببێتە نموونەیەکی پەیڕەو کراو لەلای منداڵەکانت و کەسانیتر.

✓ (ئەفەسۆس6: 4). منداڵەکانت پەروەردە بکە لەسەر ڕێزگرتن لە خودا و هۆشیارییەکانی، واتا لە ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز ئاشنابن و لە ژیانیاندا جێبەجێی بکەن.

✓ (لۆقا2: 52) (ئەفەسۆس6: 1-4). پابەندی پەروەردکردنی منداڵەکانت و ڕاهێنانیان بە لە هەموو لایەنەکانی ژیان.

✓ (پەندەکان23: 22-25). منداڵەکانت فێری گوێڕایەڵی بکە، لەگەڵ ڕێز و ڕاستیی و دانایی و چاکە ...هتد.

2. خزمەت کردنت یان ئەرکە تایبەتەکانت لە پێناو عیسای مەسیحدا لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانەکەتدا.

✓ (مەرقۆس10: 29-30) گوێڕایەڵی عیسای مەسیحی خوداوەند بکە کاتێك بانگەهێشتت دەکات بۆ خزمەتکردنی بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ خایان.

✓ (1تیمۆساوس3: 4-5 ، 12). بەڕێوەبردنی خێزانەکەت بە باشی گرنگترە لە وەرگرتنی ڕۆڵێکی ڕابەرایەتی لە کلێسەدا.

3. کارکردنت بۆ بژێوی خێزانەکەت.

✓ (2کۆرنسۆس12: 14) (1تیمۆساوس5: 4،8). بایەخ بدە بە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە گرنگەکانی خێزانەکەت.

4. پەیوەندی تایبەتت لەگەڵ خودا لە چوارچێوەی خێزانەکەت.

✓ (مەتتا10: 37). با دڵسۆزیت بۆ خودا لە چوارچێوەی خێزانەکەتدا مەزنتر بێت لە دڵسۆزیت بۆ خۆشەویستیترین ئەندام لە ئەندامانی خێزانەکەتدا.

### 3 پەیوەندیت لەگەڵ خزمەتەکەت

**ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە:** گرنگی خزمەتەکەت لە تێڕوانینی خودا چییە؟

**بخوێنە:** بڕگە کتێبییەکەی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:**

✓ (مەرقۆس10: 45) مانای ڕاستەقینەی ژیان خزمەتکردنی کەسانیترە لە پێناوی عیسای مەسیحی خوداوەند.

**ب) بدۆزە و گفتوگۆبکە:** خودا سنووری بۆ خزمەتی مەسیحی کێشاوە.

بەڵام سەرباری ئەوەیش، ئەو شتانە چییە کە پێویستە پێشەنگی یەکەمیان لە سنووری خزمەتەکەتدا بدەیتێ؟

**بخوێنە:** بڕگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:** خودا نایەوێت هەموو کات و توانات لە خزمەت کردن یان لە ئەنجامدانی چالاکی تایبەت لە پێناوی عیسای مەسیح خەرج بکەیت لەناو کلێسادا یان لە دەرەوەی کلێسا. لایەنی گرنگیتر لە ژیاندا هەیە کە پێویستییان بە بەشێك لە کات و توانات هەیە! بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خودا دەیەوێت پێشەنگی تەواو بدەیتە ئەم کارانە لە چوارچێوەی خزمەتکردنی مەسیحیدا:

1. خزمەت و ئەرکە تایبەتەکانت لە پێناو عیسای مەسیح لە چوارچێوەی کڵێسادا.

✓ (یۆحەننا4: 23- 24). خودا بە ڕاستی و بە ڕوح بپیەرستن.

✓ (یۆحەننا13: 14-15). لە ڕێگای خزمەتکردنی خەڵکەوە خزمەتی خودا بکە– بەتایبەت لەو کارانەی کە کەسانێتر ئامادەیی دەرنابڕن بۆ ئەنجامدانی، یان لەو کارانەی کە کەسانێتر ناتوانن جێبەجێی بکەن.

✓ (یۆحەننا13: 34-35). دروستکردنی پەیوەندی گرنگترە لە ئەنجامدانی چالاکی و جێبەجێکردنی پرۆگرام.

✓ (ئەفەسۆس4: 12-16). سەرجەم باوەڕداران لە کڵێسادا بکە بە قوتابی عیسای مەسیح، مەشقیان پێبکە لەسەر ئەنجامدانی خزمەتی جۆراوجۆر کە جەستەی مەسیح بنیاد بکەن.

2. خزمەت و ئەرکە تایبەتەکانت لە پێناو عیسای مەسیح لە دەرەوەی چوارچێوەی کڵێسەدا.

✓ (2کۆرنسۆس2: 14-16) (2کۆرنسۆس3: 2-3). ببە بە کەسێك کە بەردەوام کاریگەر بێت لەسەر خەڵکانی دەوروبەرت.

✓ (مەتتا10: 32-33). شایەتی بدە بۆ عیسای مەسیح، ئامۆژگاری بە ئینجیل بدە، ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز بەکەسانێتر فێر بکە.

✓ (یاقوب1: 27) (یاقوب2: 15-17). بەشداری بکە لە خزمەتکردنی بەسەرکردنەوەی هەژاران و چەوساوەکان و کەسانێتر لە جیهاندا.

3. خزمەت و پەیوەندی تایبەتت لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند.

✓ (یۆحەننا15: 5). پابەندی قوولکردنەوەی پەیوەندی تایبەتیت بە لەگەڵ عیسای مەسیح. ئەمە لە چالاکییەکانی خزمەت گرنگترە، چونکە بەبێ پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ عیسای مەسیح بەروبومێکی ڕاستەقینە یان بەردەوام نابێت.

## 4 پەیوەندیت لەگەڵ خۆت

**ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە:** گرنگی گەشەکردنی تایبەتیت چییە؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:**

✓ (مەرقۆس12: 31) (ئیشایا43: 4) خۆتت خۆشبوێت وەکو چۆن عیسای مەسیحی خوداوەند خۆشتی دەوێ.

**ب) بدۆزە و گفتوگۆبکە:** خودا سنووری بۆ گەشەکردنی تایبەتیت کێشاوە.

بەڵام سەرباری ئەوەش، ئەو شتانە چییە کە پێویستە پێشەنگی یەکەمیان بدەیتێ سەبارەت بە گەشەکردنی تایبەتیت؟

**بخوێنە:** برگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:** خودا نایەوێت هەموو کات و توانات لە گەشەکردنی تایبەتیت بەسەر بەریت. لایەنی گرنگیتر لە ژیاندا هەیە کە پێویستییان بە بەشێك لە کات و توانات هەیە! بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خودا دەیەوێت پێشەنگی تەواو بدەیتە ئەم کارانە لە چوارچێوەی گەشەکردنی تایبەتیت:

1. (زەبووری16: 2) (زەبووری73: 25). ئاگاداربە لە جەنگی ڕوحییتدا. خوازیاری هیچ کەس مەبە جگە لە خودا.
2. (ئەفەسۆس5: 2). جەنگی سۆزداری. بە خۆشەویستی هەڵسوکەوت بکە.
3. (ئەفەسۆس5: 10،17). جەنگی بیرکاری. بگەڕێ بەدوای هەموو شتێك خودا ڕازی بکەی. بزانە ویستی خودا چییە.
4. (1کۆرنسۆس6: 19-20). جەنگی جەستەیی. لە جەستەتدا خودا شکۆدار بکە (تەندروستیت، لێوەشاوەییت، دیمەنت).
5. (1کۆرنسۆس15: 33). جەنگی کۆمەڵایەتی. دوورکەوە لە هاوڕێتی خراپ، چونکە ڕەوشتی باش تێکدەدات.
6. (1پەترۆس2: 11). جەنگی ڕەوشتی. دوور بکەوە لە حەز و ئارەزوویەکان چونکە جەنگێك دژت دەوروژێنێت.

7. (زەبووری34: 18). دەرفەت بە خودا بدە تاوەکو سارێژی برینەکانت بکات (برینە سۆزدارییەکان، لاوازیت، شکستەکانت، دۆڕانەکانت لە ژیاندا).
8. (دەرچوون31: 3-5) پابەندی گەشەدان بە بەو تواناکانت کە خودا پێتی بەخشیوە. بەهرەکانت پێشبخە و داهێنەر بە.
9. (ئەفەسۆس5: 15-16) (مەتتا25: 15). بەشێوەیەکی باش ئەو دەرفەتانە بقۆزەوە کە خودا بۆی دابین دەکات.
10. (1تسالۆنیکی5: 11). هانی کەسانیتر بدە و هاندانیان لێ قبوڵ بکە.

## 5 پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ خودا

**ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە:** گرنگی پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ خودا چییە؟

**بخوێنە:** بڕگە کتێبییەکەی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:**

- ✓ (یۆحەننا15: 5-8) لە عیسای مەسیح و لە قسەی مەسیح و لە خۆشەویستی مەسیح بچەسپێ. بەبێ عیسای مەسیح ناتوانی هیچ شتێك ئەنجام بدەیت کە نرخێکی تاهەتایی هەبێت.

**ب/ بدۆزە و گفتوگۆبکە:** خودا هیچ سنوورێکی بۆ پەیوەندییە تایبەتییەکەت لەگەڵیدا نەکێشاوە.

بەڵام سەرباری ئەوەیش، ئەو شتانە چییە کە پێویستە پێشەنگی یەکەمیان بدەیتێ لە چوارچێوەی پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ خودا؟

**بخوێنە:** بڕگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

**تێبینییەکان:** خودا نایەوێت هەموو کات و توانات لە گەشدانی پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵیدا بەسەر بەریت. لایەنی گرنگیتر لە ژیاندا هەیە کە پێویستییان بە بەشێك لە کات و تواناکانت هەیە! لەگەڵ ئەوەیشدا خودا دەیەوێت پێشەنگی تەواو بدەیتە ئەم کارانە لە چوارچێوەی پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵیدا:

ئەو ئەرکە تایبەتانەی خرانەتە ئەستۆت لە چوارچێوەی پەیوەندی تایبەتیت لەگەڵ عیسای مەسیحی خوداوەند.

- ✓ (بینین2: 4-5). پێگەی یەکەم بە مەسیح بدە. واز لە خۆشەویستی یەکەمت مەهێنە بەرامبەر بە مەسیح!
- ✓ (کۆلۆسی2: 6-7). وەك باوەڕدارێك پابەندی ڕەفتار و گەشەکردن بە. لە مەسیحدا بچەسپێ و گەشە بدە بە ژیانی ڕوحیت.
- ✓ (کۆلۆسی3: 16). ڕێگا بدە وشەکانی عیسای مەسیحی خوداوەند بە دەوڵەمەندی لە دڵ و ژیانت نیشتەجێ بێت.
- ✓ (مەتتا7: 24-27). ڕێنماییەکانی مەسیح بخەرە جێی جێبەجێکردنەوە، کار بۆ گەیاندنی ئەو ڕێنماییانە بۆ کەسانیتر بکە.
- ✓ (مەتتا7: 7-8). تاهەتایە لە نوێژکردن ڕانەوەستی. بەردەوامە لەسەر نوێژکردن بە ملەجۆڕی.
- ✓ (عیبرانییەکان10: 24-25). بەردەوام بە لە کۆبوونەوە لەگەڵ باوەڕدارانیتردا بەئامانجی ژیانی هاوبەش و فێربوون. یەکتری هان بدەن بۆ خۆشەویستی لە پەیوەندییەکاندا و کارە چاکەکان لە خزمەتدا.
- ✓ (یۆحەننا15: 16). دەستپێشخەر بە لە بەرهەمهێنانی بەروبووم لە ژیانی کەسانیتردا.

## 6 خودا خۆی پێشەنگی یەکەمی تەواوە لە هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیاندا

**بخوێنەوە:** (مەتتا4: 10). هەموو پەرستن و خزمەتت تەنها بۆ خودا تەرخان بکە. هەموو ئایەتەکانی پێشوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە خودا دەیەوێت لە جەرگەی هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانت جێگیری بکەیت! خودا خۆی تەنها پێشەنگی هەمیشەییە لە هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانت! بۆیە، ڕێگا بەهیچ لیستێکی پێشەنگەکان مەدە ئەو شتانەت بەسەردا زاڵ بکات کە تێیدا ژیان و کات و تواناکانت بەکار دەهێنیت. بەڵکو ڕێگا بە خودا بدە ڕێنماییت بکات بۆ ئەو شتانەی کە پێویستە .

تێیدا ژیان و کات و تواناکانت بەکار بهێنیت لە هەموو هەلویستێك بەجیا. خودا پەروشی زالبوونە بەسەر ژیانتدا لە ڕێگای ڕوحی پیرۆز کە لەدلتدا نیشتەجێ بووە.

خودا خۆی پادشای خاوەن دەسەلاتی تەواوە بەسەر هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانتدا!
خودا خۆی نەك لیستی پێشەنگەکان، خۆی ڕێنمایت دەکات بۆ ئەو شتانەی کە پێویستە تێیدا هەموو ڕۆژێك ژیان و کات و توانات بەکار بهێنیت!




**7** هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە

چۆن دەتوانی هاوسەنگی نێوان پێنج پێشەنگییەکان و کاری کتوپڕی تر لە بکەیت ژیانتدا؟

1. پەیوەندی نێوان چالاکی و کات.

ئـا بدۆزە و گفتوگۆبکە: تێڕوانینی کتێبی پیرۆز بۆ پەیوەندی نێوان چالاکی و کاتت چییە؟

بخوێنە: (کۆمکار: 1-8) (کۆمکار8: 5-6).

تێبینییەکان: هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە!

پابەندی تەرخانکردنی کات و گرنگیدانی پێویست بە بەهەموو لایەنە گرنگەکانی ژیانت!

2. ئەنجامدانی ئەو کارەی کە خودا پێتی ڕاسپارد.

ب) بدۆزە و گفتوگۆبکە: کتێبی پیرۆز چیت فێر دەکات دەربارەی ئەو کارەی کە خودا پێتی ڕاسپارد؟

بخوێنە: بڕگە کتێبییەکانی خوارەوە بخوێنە.

تێبینییەکان:

ئـ) پۆلس: (کردار22: 10) (کردار20: 24) (2تیمۆساوس4: 7) پۆلسی نێردراو ئەو کارەی ئەنجامدا کە عیسای مەسیحی خوداوەند پێی ڕاسپارد.

ب) باوەڕداران: (مەرقۆس13: 34) (1کۆرنسۆس3: 5) (ئەفەسۆس6: 13) (کۆلۆسی4: 17). خودا ئەرکێکی دیاریکراوی ئاڕاستەی هەر باوەڕدارێکی کرد. هەروەها ڕۆژانە 24 سەعاتی بە باوەڕداران داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە. ئایا چۆن ئەو کارە ئەنجام دەدرێت؟

پ) عیسا: (مەرقۆس1: 35) (یۆحەننا17: 4). هەرچەندە عیسای مەسیح هەموو کەسێکی نەخۆشی چارەسەر نەکرد و جاری بە پەیامی ئینجیل نەدا بۆ هەموو جیهان، بەلام ئەو کارەی ئەنجامدا کە خودای باوك پێی ڕاسپارد. چۆن ئەوە کاری ئەنجامدا؟ عیسای مەسیح لیستێکی دیاریکراوی نەبوو بەو کارانەی کە پێویستە ڕۆژانە ئەنجامی بدات. بەلکو ڕاهاتبوو لەسەر نوێژکردن و چاوەڕوان کردنی ڕێنمایی و هێز لەخودای باوکەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە. عیسای مەسیح فێربوو – لە ڕێگای ژیانی هاوبەش ڕۆژانەی لەگەل خودای باوك – ویستی خودا باوك بزانێت، هەروەها جیاوازی بکات لە نێوان کارە گرنکەکان ونا گرنك. بەم شێوەیە، پشتی دەکرد لەو شتانەی کە لەدیمەنی دەرەکی گرنك دیاری دەدا، بەلکو ئەو کارانەی ئەنجام دەدا کە بەڕاستییەوە گرنگ بوون.

## نوێژ

گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی. پاشان بە نۆرە نوێژی کورت بەرز بکەنەوە بۆ خودا، بۆ وەلاّمدانەوەیێك لەگەڵ ئەو شتانەی فێری بوون.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانییان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابیێتی بە کەسانیتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (پێشەنگی باوەڕدار).

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوامبە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (کردار18: 18 – 21: 40). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (ئەفەسۆس5: 22-33). جیاوازی هاوەسەرگـیری مەسیحی چییە؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

**نوێژ:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو **نوێژ** بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.